## کاروانی خەیاڵ

لە بەشی 187 ی ئەم زنجیرە وتارەدا وەک ئەرکێکی پێویست ئاماژەی کورتم بە ژیانی مامۆستای هونەروەر خالید حیسامی (هێدی) کرد، کە سەرەڕای مرخی بەرزی شاعیری و ئەو ڕاستییەی کە تاکە بەجێماوی شاعیرانی سەردەمی کۆماری کوردستانە، لە کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی دا گرنگایەتی شایانی خۆی پێ نەدراوە. هەر لەوێدا بەڵێنم دا سەرێک لە کۆمەڵەی شیعرەکانی، واتە "کاروانی خەیاڵ" هەڵێنمەوە. دیارە ئەم زنجیرە وتارە تەنیا ئەرکی ناساندنی لەسەرشانە و چاوەڕوانی هەڵسەنگاندن و شی کردنەوەی نابێ لێ بکرێت.

چاپی یەکەمی "کاروانی خەیاڵ" لە ساڵی 1364[1985] لە تاران و چاپی دووهەمی، کە ئێستا لەبەر دەستی من دایە، لە هەولێر و لە ساڵی 1997 دا بڵاوبۆتەوە. چۆنیەتی چاپەکانیش لە بیرەوەرییەکانی مامۆستادا روون کراونەتەوە (بەشی 187 ی ئەم وتارانە).

شاعیر سەرەتایەکی دوورودرێژی بۆ کتێبەکە نووسیوە، کە دوورە لە خەیاڵ و پڕە لە فەکت: خۆی و برایەکی ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوون، پێشەوا سوێندی داوە، لە تەمەنی شازدە ساڵیدا یەکەم شیعری گوتووە، لە بەهاری ساڵی 1343 [1964] دا چۆتە باشووری کوردستان و بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، هەرلەوێ نازناوی شاعیری خۆی لە "شێواو" ەوە کردۆتە "هێدی"، لە بەغدا چاوی بە ئەحمەد تەوفیق کەوتووە کە ئەودەم "پەنای بۆ حکوومەتی بەغدا بردبوو"، سەفەری ئوروپای کردوە، دوای هەرەسی 75 گەڕاوەتەوە ئێران و لە نەغەدە و پاشان لە کەرەج گیرساوەتەوە.

لە سەرەتاکەدا چەندجارێک باسی بۆکان و کەسایەتی بۆکانی کراوە. ئەوەش ژمارەی لاپەڕەکانی : 19، 23، 39، 52، 67، 69، 97.

بەڵام شیعرەکان :

هێدی بە شیعری پاراو و رازاوە و بە کاکڵە وە ناسراوە:

"هێدی بەڵێنی دا شیعر یان نەڵێ، یان ئەگەر گوتی،
شیرن بڵێ، ناسک بڵێ، گەرم بڵێ، شیعر بڵێ"

شیعری ناو "کاروانی خەیاڵ" عەرووزین، بەڵام وێدەچی شاعیر نەک هەر لە ناوەرۆک، بەڵکوو لە کێشی هەندێک لە شیعرەکانیشدا نوێخوازی کردبێت:

قەت وەک ئەوڕۆ وشە لە من یاغی نەبوون
هێند بەپەلە بەجێم دێڵن، تێک هەڵدەنگوون...

تۆ بڵێی هێدیش وەک "سیمین بیهبەهانی" شاعیرەی فارس بەحری نوێی بۆ شیعری کلاسیک دانەڕشتبێت؟ ئەگەر ئەو کارەی کردبێت و بیکات، ناوی بۆ هەمیشە وەک شاعیرێکی نوێکەرەوەی شیعری عەرووزیی کوردی لە مێژوودا دەمێنێت.

لە شیعرەکاندا ئەوەی بەشی بۆکان بێت ، جگە لە شاعیر خۆی، هەندێک ناوی گوندن وەک قالوێ گەورکان، قوڵقوڵە، شێخاڵێ. پاشماوەی شیعرەکان یا لە باشووری کوردستان و بۆ ڕووداو و کەسایەتییەکانی ناو شۆڕشی کورد گوتراون، یا لە مەهاباد و دەوروبەری.

ئەوەش چەند فەردێک لە شیعری "دیوانە"ی هێدی :

....شەرتیناڵەی دەردەداری و دوورە یاری، نەی نییە
من دڵم پێ شک دێ بۆ ناڵە لە سەد جێوە کونە

زۆر نیشانەی وای هەیە نابیندرێ دیوانەیی
بۆچی تۆ پێت وایە شێتی هە ر وە کێوی کەوتنە؟

خۆڵەمێشێ تا دەبینم دێ بەدەم زریانەوە
بیری لانەی خۆم دەکەم من لەو هەوار چۆڵ کردنە

من کە فرمێسکم لە سەد دەرد و بەڵای دی گرتەوە،
بۆیە بوو بیرێژمە بەر پێی ئەو گوڵە خۆێن شیرنە

تا پەچە ڕووی دەگرێ، دنیای ڕوون لە من تاریک دەبێ
"هێدی"، هەر چەندی بڵێی، بێزارە لەو مانگ گرتنە.

خالیدی حیسامی "هێدی"، "کاروانی خەیاڵ – بەشێک لە هەڵبەستەکانی هێدی"، چاپی دووهەم، ناشر: دانەر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1997، 411 لاپەڕە، کوردی.